# شەمشەمە کوێرە

یوسف خەلیل
وێنە : ئیسماعیل عومەر حەسەن



شەمشەمەکوێرەیەك لە ئەشکەوتێکدا خۆی هەڵواسیبوو، هەر بیری دەکردەوە

" بۆ دەبێت ئێمەی شەمشەمەکوێرە بە رۆژ بخەوین لە کاتێکدا هەموو باڵندەکانی دیکە سەرگەرمی یاریی و کۆششن. شەوانیش کە کاتی پشووە، دەبێت ئێمە لە خەو هەستین و ژیان بە تاریکی بەسەربەرین. شەوان هەموو شتەکان رەشن. خۆشمان هەر رەشین و بێبەشین لە رەنگە جوانەکانی سروشت."

خەمباریی شەمشەمەکوێرە سەرنجی ئەستێرەیەکی راکێشاو بەرەو پیری هات و سڵاوی لێکرد. شەمشەمەکوێرە سڵەمییەوەو هاواری کرد: تۆ کێی؟ لێم نزیك مەبەرەوە. روناکیەکەت بێزارم دەکات؟

. هیچ خەمت نەبێت، بۆیە لە پشتتەوە وەستاوم، تا روناکییەکەم بێزارت نەکات.

+ چیت لە من دەوێت؟!

. تەنها ویستم هەواڵت بپرسم. خەمبار دیاریت.

+ خەمبارم، چونکە هەر لە تاریکیدا دەتوانم بێمە دەرەوە.

. بێ هیوا مەبە. هەر یەك لە ئێمە سروشتی تایبەتیی خۆی هەیە. ئەوە نیە منیش هەر بە شەو دەردەکەوم!

+ هیچ بونەوەرێك ئێمەی خۆش ناوێت.

. راست نیە. تۆ بە کرداری جوان خۆت بنوێنە. بێگومان بە هەمووان خۆشیان دەوێیت.

+ من وەك تۆم پێناکرێت.

. بە پێچەوانەوە من بێ زمانم و توانای جوڵەشم کەمە. تەنها بە درەوشانەوەم سیمای ئاسمان جوان دەکەم، بەلام تۆ قاچ و باڵ و دەنگ و هاورەگەزت هەیەو دەتوانن گەلێك شت بکەن کە جێی خۆشحاڵیتان بن.

+ ئاخر چۆن هاورێ ؟ نازانم.

. خۆت دوورەپەرێز مەگرە. هاوخەمی هاورێکانت بەو سەرنجیان بۆخۆت رابکێشە. شەمشەمەکوێرە بەم دڵدانەوەیە گەلێك لەشی سووك بوو. بەدەم پێکەنینەوە



لە شەقەی باڵی داو خۆی کرد بە نێو پۆلێك لە هاورەگەزەکانیدا. ئەستێرەش بەزەردەخەنەوە هێندەی دیکە سیمای ئاسمانی جوانترکرد.